حكومة اقليم كوردستان/ العراق
وزارة الصحة
المديرية العامة لصحة اربيل
مديرية التخطيط

حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان

Kurdistan Region Government/ Iraq
Ministry of Health
**General Directorate of Health – Erbil**
**Directorate of Planning**

العدد: ٦٤٠٢
التاريخ: ٢ / ٦ / 2020

ژمارە:
بەروار: /

بۆ/ گشت بەریوەبەرایەتیەکان و نەخۆشخانەکان وسەنتەرو بنکە تەندروستیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان

بابەت/ کردنەوەی پزیشکی نیشتەجێی دێرین

ئاگاداری گشت ئەو پزیشکە بەڕێزانە دەکەینەوە کە ئارەزووی پێشکەشکردنیان هەیە بۆ نیشتەجێی دیرینی بۆ ساڵی( 2020 ) ئەوا دەتوانن لە ڕێگەی سایتی ( erbilhealth.org ) داواکاریان پێشکەش بکەن لە ڕێکەوتی 2020/ 5 / 20 تا بەرواری 20 / 6 / 2020

لەگەڵ ڕێزماندا....

هاوپێچ : ڕێنمایی تایبەت بە پێشکەش کردن

دکتۆر
دلۆڤان محەممەد فاتح جلال
بەڕێوەبەری گشتی
٢٠ / ٥ / ٢٠٢٠

**وێنەیەک بۆ :**
- وەزارەتی تەندروستی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان/ هۆبەی هێزی کار/ بۆزانین لەگەل ڕێزدا.
- سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێی گشتی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- ن. ڕزگاری فێرکاری/ن.هەولێری فێرکاری/ ن. نانەکەلی بۆ نەخۆشیەکانی خوێن/ن.ڕاپەڕینی فێرکاری بۆ منداڵان/ن.فریاکەوتنی ناوەند/ن. فریاکەوتنی رۆژئاوا/ن. فریاکەوتنی رۆژهەڵات/ن. ئیمێرجینسی/ن. ئافرەتان و لەدایك بوونی فێرکاری/ن. پسپۆری نەشتەرگەری فێرکاری/ ن.دەروونی فێرکاری/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- ب.ت.دەشتی هەولێر


أقليم كوردستان
اربيل-تقاطع
البارزاني الخالد

Kurdistan Region
Erbil-Barzani Namr Q.
E-Mail: info@dohhawler.com
Website: www.dohhawler.org

هەرێمی کوردستان
هەولێر-چواریانی بارزانی نەمر
نورماڵ : (066)2230401-2230404 -2238016
مۆبایل : 009647501561162

## ڕێنماییەکان بۆ نیشتەجێی دێرینی

١- فۆرمی پیشکەشکردن بۆ نیشتەجێی دێرینی لە ماڵپەری erbilhealth.org دەست دەکەوێت.

٢- هیچ داواکاریەك بەدەست وەرناگیرێت.

٣- پێویستە پزیشك خۆی تۆماربکات لە سایتی erbilhealth.org وە approve کرابێت تاکو بتوانێت پێشکەش بکات بۆ نیشتەجێی دێرینی وە بە پێچەوانەوە ناتوانێت پێشکەش بکات.

**مەرجەکان:**

أ. پزیشك دەبێت ماوەی پلەبەندی تەواو کردبێت یان دوو مانگی مابێت بۆ تەواوکردنی لە بەرواری کۆتای هاتنی پێشکەش کردن.

ب. ئەو بەشانەی کە تەنها یەك ساڵی خزمەتیان پیویستە بریتین لە :

١- پزیشکی دادوەری   ٢- پزیشکی سڕکردن

ج.ئەو بەشانەی کە تەنها ١٨ مانگ خزمەتی پێویستە:

١- نەشتەرگەری دڵ و سینگ ٢- نەشتەرگەری مندالان ٣- نەشتەرگەری گشتی/ سۆران ٤- هەناو / سۆران

د. ئەو بەشانەی کە تەنها دوو ساڵی خزمەتیان پێویستە:

١-مێشك و دەمار ٢- فریاکەوتن ٣- شێرپەنجەی منداڵان ٤-نەخۆشیەکانی خوێنی منداڵان ٥- هەناو

٦- نەشتەرگەری گشتی ٧-نەشتەرگەری ئێسک و شکان ٨-منداڵان / سۆران ٩-ئافرەتان و لەدایک بوون / سۆران

ئەو بەشانەی کە دەکرێنەوە:

| بەش | ژمارەی کورسی پێویست |
|---|---|
| ١. Nephrology | ٤ |
| ٢. ENT | ٦ |
| ٣. Ophthalmology | ٦ |
| ٤. Orthopedics | ١٢ |
| ٥. Urology | ٥ |
| ٦. Rheumatology | ٢ |
| ٧. General surgery | ١٠ |
| ٨. Pediatric surgery | ٤ |
| ٩. Neurosurgery | ٥ |
| ١٠. Cardiothoracic surgery | ٤ |
| ١١. Internal medicine | ١٠ |
| ١٢. Pediatrics | ٨ |
| ١٣. Obstetrics & Gynecology | ٢٠ |
| ١٤. Psychiatry | ٢ |
| ١٥. Anesthesia | ١٠ |
| ١٦. oncology | ١ |
| ١٧. Radiation oncology | ٣ |
| ١٨. Pediatric oncology | ٢ |
| ١٩. Cardiology | ٤ |
| ٢٠. Neurology | ٤ |
| ٢١. Forensic medicine | ٤ |
| ٢٢. Emergency medicine | ١٥ |
| ٢٣. Clinical Hematology | ٢ |
| ٢٤. Pediatric Hematology | ٢ |

هەرێمی کوردستان
هەولێر-چواریانی بارزانی نەمر
نورماڵ : ٢٢٣٨٠١٦- ٢٢٣٠٤٠٤-٢٢٣٠٤٠١(٠٦٦)

Kurdistan Region
Erbil-Barzani Namr Q.
E-Mail: info@dohhawler.com
Website: www.dohhawler.org

أقليم كوردستان
اربيل-تقاطع
البارزاني الخالد

**تێبینیەکان:**

- ئەو پزیشکانەی ماوەی پلەبەندیان تەواو کردووە نمرەی شوێنی جوگرافی بەم شێوەیەی خوارەوە زیاد دەکرێت:
  - **لە سالی ٢٠١٣** : بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران ٥ نمرە/ ب.ت.وەرتێ ٧،٥نمرە/ ب.ت.سیدەکان ٧،٥نمرە/ ب.ت. بالیسان ٧،٥ نمرە/ن.هەریر ٣ نمرە/ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی بارزان و چۆمان ٧،٥ نمرە.
  - **لە سالی ٢٠١٤** : بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران ٥ نمرە/ ب.ت.وەرتێ ٧،٥نمرە/ ب.ت.سیدەکان ٧،٥نمرە/ ب.ت. بالیسان ٥ نمرە/ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیەکانی بارزان و چۆمان ٧،٥ نمرە/ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی مخمور ٧،٥ نمرە/ ب.ت.دیبەگە ٤ نمرە.
  - **لە سالی ٢٠١٥** : بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە ٢ نمرە، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیەکانی سۆران و مەخمور ٥ نمرە، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیەکانی چۆمان و بارزان نمرە ٦،٥. ب.ت. هەریرو باسرمە ٣ نمرە، ب.ت. بالیسان و خەلیفان ٤ نمرە، ب.ت. سیدەکان ٧ نمرە، ب.ت. حاجی ئومران و پیران و شێروان مەزن ٧،٥ نمرە.
  - **لە سالی ٢٠١٦** : بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە ٢ نمرە/ب.ت. سۆران و مەخمور ٥ نمرە/ ب.ت. چۆمان و بارزان و سیدەکان نمرە ٦،٥/ ب.ت. هەریرو باسرمە ٣ نمرە/ب.ت. بالیسان و خەلیفان ٤ نمرە/ب.ت. حاجی ئومران و پیران و شێروان مەزن ٧،٥ نمرە.
  - **لە سالی ٢٠١٧** :بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە ٢ نمرە/ ب.ت. سۆران و مەخمور ٥ نمرە/ چۆمان و بارزان و سیدەکان نمرە ٦،٥/ ب.ت. هەریرو باسرمە ٣ نمرە / ب.ت. بالیسان و خەلیفان ٤ نمرە/ ب.ت. حاجی ئومران و پیران و شێروان مەزن ٧،٥ نمرە.
  - **لە سالی ٢٠١٨** :بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە ٢ نمرە/ ب.ت. سۆران و مەخمور ٥ نمرە/ چۆمان و بارزان و سیدەکان نمرە ٦،٥/ ب.ت. هەریرو باسرمە ٣ نمرە / ب.ت. بالیسان و خەلیفان ٤ نمرە/ ب.ت. حاجی ئومران و پیران و شێروان مەزن ٧،٥ نمرە.
  - **لە سالی ٢٠١٩** :بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە ٢ نمرە/ ب.ت. سۆران و مەخمور ٥ نمرە/ چۆمان و بارزان و سیدەکان نمرە ٦،٥/ ب.ت. هەریرو باسرمە و بەردەڕەش و تەقتەق ٣ نمرە / ب.ت. بالیسان و خەلیفان ٤ نمرە/ ب.ت. حاجی ئومران و پیران و شێروان مەزن ٧،٥ نمرە.

- ئەو دۆکیومێنتانەی کە پێویستن بریتین لە فۆڕمی پێشکەشکردن بۆ نیشتەجێی دێرینی لە ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بە دەست دەکەوێت (erbilhealth.org ) لەگەڵ بەڵگەنامەی دەرچوون لە کۆلێژ کە ڕێزبەندی دەرچوونی قوتابی تێدا بێت..
- داواکارییەکان تەنها لە ڕێگەی ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان دەبێت.
- تەنها پزیشکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر مافی پێشکەش کردنیان هەیە.
- هەر داواکارییەک پاش ماوەی دیاری کراو پێشکەش بکرێت پشت گوێ دەخرێت.
- لێژنەی ڕاوێژکاری لە ڕۆژانی چاوپیکەوتندا دەتوانێت ئاسانکاری بکات بۆ وەرگیران لەو بەشانەی کەوا پێویستن و پێشکەش کردن بۆیان کەمە.
- سوپاس و پێزانین لەگەڵ سزا تا بەرواری دەستپێکردنی پێشکەش کردن ئەژمار دەکرێت ، نمرەی پلەبەندی و نمرەی خزمەتی کارگێڕی و ژمارەی ساڵەکانی خزمەت وەکو پزیشکی شارەزا ئەژمار دەکرێت وە نمرەی کۆلێژ و زنجیرەی ڕێزبەندی دەرچوون لە کۆلێژ بە ڕێژەیی ئەژمار دەکرێت .
- سوپاس و پێزانینی بەڕێزان بەڕێوەبەری نەخۆشخانە و بەڕێوەبەری کەرت (٠،٥ نمرە) زیاد دەکات و سوپاس و پێزانینی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و بەڕێوەبەری گشتی (١ نمرە) زیاد دەکات ، ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی لەسەر داوای بەڕێوەبەری نەخۆشخانە یاخود بەڕێوەبەری کەرت سوپاس و پێزانینی ئاراستەی پزیشکێک کردبوو ، ئەوا تەنها سوپاس و پێزانی بەڕێوەبەری گشتی هەژمار دەکرێت. و تەنها ئەو سوپاس و پێزانینانە هەژمار دەکرێن کە بەرواری دەرچونیان

هەرێمی کوردستان
هەولێر-چوارڕیانی بارزانی نەمر
نورماڵ : ٢٢٣٨٠١٦-٢٢٢٣٠٤٠٤-٢٢٢٣٠٤٠١(٠٦٦)

Kurdistan Region
Erbil-Barzani Namr Q.
E-Mail: info@dohhawler.com
Website: www.dohhawler.org

أقليم كوردستان
اربيل-تقاطع
البارزاني الخالد

له نێوان ( ٢٠١٨/٥/٢٠ تاوەكو ٢٠٢٠/٥/٢٠) دایە و له هەر ساڵێک دا له (٣) سوپاس و پێزانین زیاتر هەژمار ناکرێت و له (٥ نمره) زیاتر هەژمار ناکرێت.

- سزا نمره کەم دەکاتەوە بە جۆرێک بۆ هەر ڕۆژێکی دابڕان یاخود بڕینی موچە (١ نمره) کەم دەکرێت و لە کاتی هەبوونی دوو سزا لە هەمان بەروار تەنها یەکێکیان (زۆرترینیان) هەژمار دەکرێت ، تەنها ئەو سزایانە هەژمار دەکرێن کە بەرواری دەرچونیان لە نێوان ( ٢٠١٨/٥/٢٠ تاوەکو ٢٠٢٠/٥/٢٠) دایە و لە (١٠ نمره) زیاتر کەم ناکرێت.
- بۆ بەشی نەخۆشیەکانی دڵ Cardiology پێویستە بۆ ماوەی ( ٢) دوو ساڵ وەک پزیشکی نیشتەجێی دێرینی هەناو خزمەت بکەن.
- پێشکەشکردنی پزیشکانی پسپۆڕ و شارەزای بەش لە لایەن لیژنەی ڕاوێژکاری هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و بە گوێرەی پێویستیمان بڕیاری لێ دەدرێت.
- پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و شارەزای بەش کە ئارەزووی گۆڕینی بەشەکانیان هەیە دەتوانن ڕاستەوخۆ دوای پاشگەز بوونەوە لە بەشەکانیان پێشکەش بکەن.
- ئەو پزیشکانەی کە مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتووە و دەستیان بە کارکردۆتەوە بەڵام ناونیشانیان نەگۆڕاوە ناتوانن پێشکەش بکەن.
- ئەو پزیشکانەی لە کاتی پێشکەش **کردن لە** مۆڵەت دان ناتوانن پێشکەش بکەن.


هەرێمی کوردستان
هەولێر-چواریانی بارزانی نەمر
نورماڵ : ٢٢٣٨٠١٦- ٢٢٣٠٤٠٤-٢٢٣٠٤٠١(٠٦٦)
مۆبایل : ٠٠٩٦٤٧٥٠١٥٦١١٦٢

Kurdistan Region
Erbil-Barzani Namr Q.
E-Mail: info@dohhawler.com
Website: www.dohhawler.org

أقليم كوردستان
اربيل-تقاطع
البارزاني الخالد